ئاسۆ ڕەشیدبیارەیی
گەرمەی ئەنفال/بەهاری1988/کوردستانی باشور

# کەتۆم هەبوو

کەتۆم هەبوو
هەموو ئەستێرەی ئاسمان هی من بوون..
کچی بەیانیان و کازێوەی
(شرام*) یش هی من بوون..
قاسپەی کەو و خورەی
بەفراوانیش هی من بوون..
خرەی ڕشماڵانیشم هەبوو

کەلەتۆدابووم
شەوانە لەهێلانەی چاوەکانتا
پشوم ئەدا..
لەرەزی بنارتدا
تامی مێوەی ژوانمدەکرد..
بەڵام کەدڵیان ئەنفالکردم،
کەداری نەونەمایتیان سووتاند
هێندەی چۆڵی (شیوەسوور)*
ئازارم چێشت..
هێندەی سوزی (زەنگەنە)*
نرکەم جۆشیخوارد
هەناوی (جەباری)*کەوت
پڕبە(چەمی مامران)*زۆخاومکێشا
بەپوازکەبەردی (دالانی)*دا گیانمدرا
لەسەر ترۆپکی(شنرۆێ)*وە خرامەخوارێ
دیسان بۆ بڕواپێهێنانی سەرلەنوێم
چەلوبی بەنی قورەێشێ
نێزەی لێدەرهێنام و تۆی لێفڕاندم

لەبیرمە..
کە ئەو ئەبوالمحقودە پرتی پیاکرد..
قیژەتدەکرد
گریەت لەگەڵ بۆسۆدا
دنیایی پڕدەکرد..

نەمدەزانی بەکام زمان،چۆن بڵێم:گوڵی من
(قەندیل )*نشینە
فێری قوم و سورەشەرای بیابانییە..
هێزم نەبوو بناڵێنم
کەتۆ ئاسکەدەواری زۆزانی..
پەروەردەی بەفراو و هەواری..

گوڵە قەرەداغیەکەم !
لە(بانی مۆرد)*ەوە
بەرەوە ئەڤینی
ئارانت شۆڕدەبمەوە
وام لەبان هەردەکەی (فەقێ موستەفا)*و
چاوم لەوکۆترانەیە
کەهێشتا بەسەر پاشماوەی ئاواییدائەفڕن
لەنێودووکەڵی کەلاوەکاندا
منەی هێلانەکانیان دەکەن
وام لەکەندڕەکانی (داوێ)* و
جیپێی گەورەو بچوک دەبینم
کانەی نیگام جەستەی
ئەومنداڵەیان لەخۆگرتووە
کەلەپاڵ گەنمەکەی لاڕێدا بەجێمابوو..

وام لەدۆڵەنسرمەکەی (خۆرنەوەزان)*و
تێرتەماشای (ئاوباریک)*نابم
کەباوەشی بۆ (بناری گل) *کردوەتەوە

لەسەرلوتکەی (چەکوش وسادرم)*
دوکەڵی قەڵادزێ و خاک
چاوانم ئەکزێنێتەوە..

ئەگوڵەبازیانییەکەم !
هاوارەکانت لە(دەربەندباسەرە)ی*هەناومدا
دەزرنگێنەوە..
وەکو کەفچڕێنی (دێوانە)*
قێز لەوکڵاوسەوز و زۆڵەکوردانەدەکەم
کەبۆ تالانی (کانی هەنار)* و ئەو ئامێزە
کەڵبەیان بەهەسانی
غارالحرا تیژکردوە

گوڵا من !
لەنوگرەسەلمانی ئەنگوستەتەوە
سیمات دەبینم
کەچۆن ڕۆندەکەت
ئاوێتەی ئێسکی دیلەکان دەبێ
تێکەڵ بەجینوسایدئەبێ

پێڵوی بیناییم بەئاستەم
بەرزئەبێتەوە
هەنگاوم نەماوە
هەناسەم سوارە
گیانم لەکەناردا
لەنێو پێنج هەزار گوڵی
تاساودا تەزیوە
کەچی هەڵبجەکەم !
وا ڕەوەگورگی خۆیی
دەمێ بەبەرگی پاسدارەوە
یەخەی کەنیشکانت ئەدڕێنن،
قامکی بوکی زەماوەند
بۆدزینی ئەڵقەیەک
لەبن دەقرتێنن..جارێکی تریش
چمکی کراسەکەی عۆجەیان
کردەووەتە سەرچۆپی و
بانگی سەرکەوتن دەچڕن..

ئەیچەتەی سەردەم !
ژەنگی مێژوو !
هەناسەتان مۆرانەی خیانەت بیرژێنێ
کەوا لەئاوەتاراتی بێگانە تێرنابن،
ئەژنۆ و چنگتان تەلاشەبەردی (شاهۆ)*
ئەنجن ئەنجنیبکات
کەوا لەکۆڵبردن زیاتر
هیچیتر ناتوانن،
گلاروتان کوێربێ
کەوا بێجگەچاوساغی
هیچتر نابینن،
زمانتان دووپشکی (عەربەت)* پێوەیدات

لەلتابیبڕی
کەوابێجگە فرۆشتن
هیچیترتان پێناکرێ ،
ئۆجاغتان کوێربێ
باچیتر نەوەی ڕەشتان ئەم خاکە گڵاونەکات..

چرۆی ووشەم لە هەنسکی کۆرپەیەک
گروگاڵیگرتووە
کەلەتاو ژەهری تەعریب
لەدایکی وونبووە

لەنێو دۆزەخ و بەهەشتدا
پەنابەرێکی وێڵم
کەورگێکم چنگ ناکەوێ
پشویەکی تێدابدەم
تاقەڕەنگێکم پێنابڕێ
بیکەم بەئاڵا
هانا بۆ کام گەردوون بەرم
لەگۆڕیشدا
هەناوی پێنج هەزار ئاواییم
پلیشاوەی بەردی ئەلحەدە

پێم مەڵێم نابینایە !
ڕەشەخامی مەککە
بەری ئاسمانی لێمگرتووە

پێم مەڵێن وێڵە !
چارەنووسم لەهەڵدێری
هەزاربەهەزار گیرساوەتەوە
هەتاوی ئاواتم
لەلیتاوی (حوەیزە)*دا چەقیوە
شائامانجی قازیم
لە(شارەزور)*ی بێچرادا لەداردرواە

بەدەم کەرویشکەخەوەوە وڕێنەدەکەم
تەختایی (سەبان)* م
لێبوەتە پردی سیرات
هەموو ئازای خاکم ئاگرە

هاکا ئەو دنیاشم دۆزەخبێت..

ئەیخدا چیبکەم ؟
چۆن چاوانم هەڵبێنم ؟
لەهەرلایەک قیبلەم لێدیارە
مەرگ چاوم لێزیتدەکاتەوە
ئەتاتورکێ لەدارم ئەدا
زەینی کوڕی قەسابێ
شیرم لێدەرئەهێنێ
شاعەباسی دەستبەخوێنی
بەرەو(کۆچان)* کۆچم پێدەکات
تۆبڵێی لەودنیاش ئەنفاڵ هەبێ ؟..

داستانی شارەکەم
شینێکی مێژووە
ئەوینێکی بێگەردە
بڵێسەیەکی خەفەکراوی نەورۆزە
خونچەی نیرگزەجاڕێکی هەڵپڕوکاوە..
زاوای شارەکەم
باباگوڕگوڕێکی کەرکوکە
حەمرینی لەپشتە

(سورێنێک)*ی ئامێزگەرمە
(تەوێڵە و بیارە)*ی زیزی لەئامێزگرتووە..

ئەی کیژە زۆزانیەکە
لەحەسرەتی حەسارۆستتەوە
لە پرچەژاکاوەکەتەوە
خەمی ئەوجوتیارانەی (خاڵخالان)* بەدیدەکەم
کە بەوڕییەوە دەیانئرِوانییە گوندە ئاگرگرتووەکانیان..
سێبەری مرۆڤەدیلەکانی ئەو ئێوارەیە،
تابلۆی مەرگیان لەنێوخاکدا..
دێتەوەدیدەنیم..
هێندەی دیلیت و دیلیم
دیلی تۆ و دنیاتم